کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-11-2007 12:50بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بەخێربێیتەوە کاک (کۆسرەت) سەرکردەی ڕۆژە سەختەکان ... عبدالواحید ادریس شریف**




گەرچی لەلای ئێمە بۆتە خوو تەنیا دوای دوا کۆچی ئازیز و سەرکردەو شاعیر و هونەرمەند و دڵسۆز و پێناوەکانی ئازادی نیشتیمان، کۆڕی شین گەرم دەکەین و ئەوساتە فەڕدەدەینە کەسی لەدەستچومان و قوڕی دنیا دەکەین بەسەر، بەڵام ئەمڕۆ خامە بەسەزمان و بێوازەکەی من ئەم خوە توڕهەڵدەداو بە چەپکی گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ دەچێتە پێشوازی گەڕانەوەی سەرکردەیەکی مەرگ بەزێن و دوژمن بەزێن، لە چاوەڕوانی هاتنەوەی پێشەنگێکی هەڵوەدای هەناسەی ئازادی گەل و نیشتیمان، کەڵەمێردی بەرەنگاری ڕۆژە سەختەکان، بەکوێرایی ناحەزانی ژینی سەربەستی، وشە پەرش و بڵاوەکانی خامەکەم هاواردەکات دەی کچ و کوڕینە، ئەمڕۆ شادی و هەڵپەڕینە. جوان هەڵپەڕن ئەمڕۆ زەماوەندە، پێشمەرگەیەك لەڕاوی مەرگ دەگەڕێتەوە، یادەوەری داستانی (11) ڕۆژەی سماقوڵی بۆ نەوەی نوی دەگێڕێتەوە، دەنگ هەڵبڕن با سەدای هەڵپەڕکی بگاتە گویی ئەو ڕموزنەی! ڕۆژانێك زەندەقی چوو بوو لە نەعرەتەی شێرانی مەڵبەندی سی، هەڵسن ڕابن پێشمەرگە مەرگ بەزێنەکانی داستانە ئەفسانەیەکانی (سەری ڕەش، دێگەڵە، تەق تەق، قاتعی جعفر ابو منێور، ناو هەولێر، شاخی جوانەگاو دەیان داستانی تر... ) ئەمڕۆ سەرکردەی نەگۆڕاو بێباك لە دوژمن دەگەڕێتەوە، مژدەی خۆشەویستی و کێبڕکیی دڵسۆزی و نەبەزین لەگەڵ خۆی دێنێتەوە.

تۆش قەڵای بەرەنگاری ستەم و دڵە نەلەرزیوەکەی پیرە هەولێر، وەرە لە گوڵبارانی عاشقە ڕەسەن و خەم لە کۆڵەکەی خۆت ساتی خەمی ناخت بەباکە، ئەی دڵە زامدارو ڕێبوارە ماندو و کەس نەناسەکان وەرن با ئەمڕۆ بیکەین بە جەژنی خۆمان و لە جیاتی گوڵ دڵبارانی ئەم هەڵۆ زامدارەی وڵاتی بەفرو خوێن بکەین، نیشتیمانی بێناز بە تۆوی ئاشتبونەوەی شاسوارەکان سەوزکەینەوە، بە چرپەش نا بە دەنگی بەرز بە کوندەپەپۆکانی تاریکستان بڵێین تاریکە شەو هەرچەندە درێژ بی کازیوە هەردێتەوە، ئەوەی چاوی لە مەرگی مەردان بی هەردەبی خۆی بە ڕو زەردی بتوێتەوە، هەڤاڵ و هاوسەنگەر و خەڵکینە گەڕانەوەی کاك کۆسرەت بە تەندروستیەکی زۆر باش لەم سەفەرە هێندەی خەمی دڵسۆزانی گەل و نیشتیمان بوو، هێندە خۆی خەمی نەبوو، چونکە ئەو لە ناو مەتەرێزی بەرەنگاری و شەرەف، لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنی کورد بریندارببوو، ئەم ناتەندروستیەی ئەو گەرچی مایەی شانازی بوو بۆ خۆی و بۆ ئێمە کە سەرکردەکانمان لە جەرگەی خەبات زامدارو شەهید دەبن نەك لە ناو نوێنی گەرم.. !

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوژمنانیش ڕۆژیان دەژمارد بۆ ئاوابونی ئەستێرەی تەمەنی ئەم سەرکردەیە، بۆیە گەڕانەوەی کاکی سەرکردەی ڕۆژە تاڵ و سەخت و دژوارەکان مژدەیەکی خۆش و پڕ شادیە بۆ کەس و کاری شەهیدان، بۆ پێشمەرگە مەرگ بەزێنەکانی شۆڕشی نوی، بۆ دڵسۆزانی کورد و دۆستانی (ی.ن.ك) .
کە سەرکردەیەك لە لێواری مەرگ دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی خزمەت و شەونخونی و ماندووبون، ئەو کە بە زامداری و تەندروستی خراپ لە خەبات و تێکۆشان کۆڵی نەدا، بە دڵنیایی دوای چارەسەرو تەندروستی باش هیوای زیاتر و زیاتری لێدەکری بۆ بەهانا هاتنی خەمی خەڵك، گەڕانەوەی کاك کۆسرەت بەم تەندروستیە باشە کە هیوای هەموومان بوو، وەك چاوەڕوانین خوێنێکی تازە بە چەستەی (ی.ن.ك) ببەخشێتەوەو بە سەرکردایەتی هەڤاڵ مام جەلال و پشتیوانی سەرجەم هەڤاڵانی (م.س) ئاسۆیەکی ڕوونتر و گەشترمان نیشان بدەن.
بەخێربێیتەوە کاك کۆسرەت سەرکردەی ڕۆژە سەختەکان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.